کۆمسیۆن: ئەنجامەکانی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان ئەمڕۆ یان سبەی ڕادەگەیەندرێت

ئەمڕۆ یەکشەممە،کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان،ڕایگەیاند کە کۆتایی بەو وەستگانە هاتووە کە مابوون، و پێشبینی کرد ئەنجامە کۆتاییەکان ئەمڕۆ یان سبەی ڕابگەیەنرێن.

"جومانە غلای" وتەبێژی ڕاگەیاندنی کۆمیسیۆن، لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەستی موتەبع کەوتووە، تیایدا هاتووە : کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کۆتایی بەو وەستگانە هێناوە کە مابوون و دەنگەکانیان ژمێردراون، و سەرجەم ئەنجامەکان بە ڕێژەی 100% لەگەڵ جیاکردنەوە و ژماردنی دەستیدا یەکدەگرنەوە.

وتیشی: کۆمیسیۆن، ئەمڕۆ دەستی بە ژماردنی کورسییەکان و کورسییەکانی کۆتای ژنان و کۆتایی پێکهاتەکان کردووە، هەروەها نووسینگەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەستیان کردووە بە کەکردنەوەی ئەنجامەکان بە هاوپێیمانەتییەکان و پارتەکان و کاندیدەکان.

ئاماژەی بەوەشدا : کە پێشبینی دەکرێت ئەنجامە کۆتاییەکان ئەمڕۆ یان سبەی ڕابگەیەندرێن، و دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە کۆتاییەکان بە بڕیارێکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران، کۆمیسیۆن دەرگای تانە لێدان بە ماوەی سێ ڕۆژ دەکاتەوە، کە لە ڕێژەی دواترەوە دەستپێدەکات ، هەروەها بڕاوکردنەوەی لە ماڵپەڕی فەرمی کۆمیسیۆن.